# تۆمارکردنی ژمارەی پێوانەیی لە لوتکەدایە

لەم چەند هەفتەیەی رابردوو چەندین ژمارەی پێوانەیی تۆمار کران، بە تایبەتی لە یاری تۆپی پێدا. ژمارە پێوانەییەکان لەلایەن یاریزان و راهێنەرەکانەوە بووە، ئەمەی خوارەوەش ژمارە پێوانەییەکانی ئەم چەند هەفتەیە.

ئا: ڕێبین ڕەمزی

* (١٣٤٨) رۆژ دوای ئەوەی یاریزانی یانەی ئەرسناڵ و یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە، سۆل کامبل دوا یاری لەگەڵ یانەی ئەرسناڵ ئەنجامدا، ئەمجارەیان سۆل کامبل تەمەن ٣٥ساڵ، بۆ جاری دیکەش لەگەڵ یانەی ئەرسناڵ یاری ئەنجامداوە. پاش گەڕانەوەی سۆل کامبل بۆ یانەی ئەرسناڵ، ئەم یاریزانە لە چوارچێوەی یارییەکانی جامی ئینگلتەرە، بەشداری لە یاری نێوان ئەرسناڵ و ستۆک سیتی کرد. لەگەڵ ئەوەیدا یانەی ئەرسناڵ لەم پاڵەوانیەتییە بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك لە یانەی ستوك سیتی شکستی خوارد.

* یاریزان ئەحمەد حەسەن، "١٧٠ " یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی میسر ئەنجام داوە، بەمەش ژمارەی پێوانەیی شکاند کە بە ناوی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی میسر حوسام حەسەن بوو کە لەگەڵ هەڵبژاردەی میسر، بەشداری لە ١٦٩ یاری نێودەوڵەتیدا کردبوو، ئەحمەد حەسەن دوای ئەوەی بەشداری لە یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی میسر و کامیرۆن لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی هەشتەمی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیای کرد، لەم یارییەدا یاریزان ئەحمەد حەسەن بە شێوازی تایبەتی خۆی ئاهەنگی گێڕا، چونکە لەم یارییەدا توانی دوو گۆڵ تۆمار بکات. لە یاری پێش کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا، رەنگە ئەحمەد حەسەن ژمارەی یارییە نێودەوڵەتییەکانی زیاتر بکات. دوای ژماردنی یارییەکەی بەرامبەر هەڵبژاردەی جەزائیر. بەمەش یاریزان ئەحمەد حەسەن هاتە پلەی سێیەمی ریزبەندی جیهانییەوە. بۆ ئەو یاریزانانەی کە زۆرترین یاری نێودەوڵەتیان لەگەڵ هەڵبژاردەکانیان ئەنجامیان داوە، بە پلەی یەکەم گۆڵچی بە توانای هەڵبژاردەی سعودیە محەمەد دعیع دێت دوای ئەوەی لە ١٨١ یاری نێودەوڵەتی بەشداری لەگەڵ هەڵبژاردەی سعودیەدا کردووە و لە پلەی دووەمیش یاریزانی مەکسیکی کلاودیۆ سوارێز دێت دوای ئەوەی لە ١٧٨ یاری نێودەوڵەتی بەشداری لەگەڵ هەڵبژاردەی مەکسیکدا کردووە.

* دوای ئەوەی ٥٠٪ یاری خولەکانی ئیسپانیا بە کۆتا هات، تا ئێستا یانەی بەرشلۆنە تووشی هیچ شکستێك نەهاتووە، ئەمەش دەبێتە ژمارەی پێوانەیی. چونکە تا ئێستا تەنیا ٦ یانە لە مێژووی خولی ئیسپانیادا توانیویانە ١٩ یاری ئەنجام بدەن بە بێ ئەوەی تووشی هیچ شکستێك ببن.

* (٧ ساڵ و ١١ مانگ) و ١١٠ یاری بەسەر دوایین شکستی راهێنەر جۆزیە مۆرینهۆ رۆیشتووە کە لە نێو یارگاکەی خۆیدا تووشی بووە، دوای ئەم ماوەیە راهێنەر جۆزیە مۆرینهۆ لە نێو یاریگەی خۆیدا، تووشی هیچ شکستێك نەبووە لەگەڵ ئەو یانانەی کە راهێنەریان بووە، دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی چێلسی بۆ ماوەی ٣ ساڵ راهێنەری ئەم یانەیە بوو، یانەی ناوبراو لە یاریگەی "ستامفۆرد بریدج" تووشی هیچ دۆرانێك نەهات دوای ئەوەی کە جۆزیە مۆرینهۆ بووە راهێنەری یانەی ئەنتەر میلان تا ئێستا ئەم یانەیە لە نێو یاریگەی خۆیدا تووشی هیچ دۆڕانێك نەهاتووە، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە کە راهێنەر جۆزیە مۆرینهۆ بۆ خۆی تۆماری کردووە. دوایین دۆڕاندن کە جۆزیە مۆرینهۆ لە نێو یاریگەی خۆی تووشی هات بۆ ٢٣ /٢ / ٢٠٠٢ دەگەڕێتەوە، کاتێك مۆرینهۆ راهێنەری یانەی پۆرتۆ بوو لە خولی پورتوگالدا، یانەی پۆرتۆ لە نێو یاریگەی خۆیدا بەرامبەر یانەی بێیرامار بە ئەنجامی (٣-٢) گۆڵ تووشی دۆڕان هات، بەڵام پاش ئەم یارییە تا ئێستا مۆرینهۆ تووشی هیچ شکستێك نەهاتووە.

* لە ٤ وڵاتی جیاواز و لە "٥"یانەدا، راهێنەری بە توانا ئێریك جیریتس توانی خولی وڵاتەکانیان بە دەستبهێنێت. لە وەرزی ئەمساڵیش توانی خولی سعودیە لەگەڵ یانەی هیلال بە دەستبهێنێت، ئێریك جیریتس کە راهێنەرێکی بەتوانای بەلژیکییە، سەرەتا توانی لەگەڵ هەردوو یانەی برۆگ و لێرس خولی بەلژیکا بە دەستبهێنێت، دواتر لەگەڵ یانەی ئایندهۆڤن توانی خولی هۆڵەندە بە دەستبێنێت، پاشان لەگەڵ یانەی "گەلاتە سرای" توانی خولی تورکیا بە دەستبێنێت، هەرچەندە ئەم راهێنەرە زۆر نزیك بوو بۆ بە دەستهێنانی خولی فەرنسا لەگەڵ یانەی مەرسیلیا کە لە دوا ساتەکانی خولی فەرنسا یانەی بۆردۆ بووە پاڵەوانی ئەم خولە.

پێش کۆتایی هاتنی خولی سعودیە بە ٣ هەفتە، ئەم راهێنەرە توانی لەگەڵ هیلال-ی سعودی خولی سعودیە بە دەستبێنێت.



ئا: ڕێبین ڕەمزی

# بۆ جاری پانزەیەم مانشافت بەرەو مۆندیال بەرێکەوت

دوای ئەوەی پلیتی یەکەمی لە کۆمەڵەی چوارەم بەدەستهێنا، هەڵبژاردەی ئەڵمانیا گەیشتە کۆتاییەکانی مۆندیالی باشووری ئەفریقیا. دوای ئەوەی لە جەولەی پێش کۆتایی لە هەڵبژاردەی روسیای بردەوە و بۆ جاری -١٥مین گەیشتە مۆندیال و لە کۆی ١٠ یاریدا، لە ٨ یاری سەرکەوتنی بەدەستهێنا و لە دوو یاریشدا یەکسان بێت. یارییەکەش لەگەڵ هەڵبژاردەی فنلەندەدا بوو.

## گەیشتن بۆ مۆندیال

بەهۆی کلۆزەی گۆڵکار و بەهێزی گۆڵچی ئادلەر پێکهاتەی راهێنەر لۆف توانای هەڵبژارەی روسیا بەرەو پاشکۆی ئەوروپی رەوانە بکات، بە یەك مانگ پێش تەواوبوونی یارییەکانی پاڵاوتن، ئەڵمانیا توانی پلیتی بەرەو باشووری ئەفریقیا مسۆگەر بکات، یاری مانشافت بەرامبەر روسیا یەکلاکەرەوە بوو، لە کۆی ٩٢ یاری لە ریزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا.
یواکیم لۆف توانی ماوەی ٩٠ خولەك لەسەر قاچەکانی بوەستێ و کلوزەش گۆڵی -٤٨مینی خۆی تۆمار بکات.
ئەڵمانییەکان لەو یارییە زۆر دەترسان، چونکە یاریگایەکەی دەستکرد بوو، یاریکردن تێیدا زۆر زەحمەت بوو، لۆف لەم یارییەدا تەنیا پێویستی بە خاڵێك بوو، لۆف بۆ ماوەی ٣ رۆژ یاریزانەکانی لە ناوچەی ماینس کۆکردەوە تا لە کەش و هەوای روسیادا رابێن. پێش ئەم یارییە هەردوو هەڵبژاردە پێنج جار رووبەڕووی یەکدی ببوونەوە، ئەوکاتیش پشکی زێڕین بۆ ئەڵمانییەکان بوو، ئەویش بردنەوە لە ٤ یاری و یەکسان بوون لە یارییەکدا. ساڵی ١٩٩٤ یش ئەڵمانیا توانی لە یارییەکی دۆستانە لە مۆسکۆی پایتەختی روسیا، بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرامبەر لە روسیا بباتەوە.

## پێکهاتەی یاری لەگەڵ روسیا

ئەو پێکهاتەی لە یاری چارەنووسی مانشافت دژی روسیا لەم یاریزانانە پێکهاتبوو باڵاك – فلیپ لام – بۆدۆلسکی- شفاینشتایگر – کلۆزە – میرتیساکر – کە هەموویان بەشداریان لە کۆتاییەکانی یۆرۆی ٢٠٠٦دا، کردبوو سەرەڕای ئەمانەش هەندێ یاریزانی گەنجیان هێنابوو، کە کاریگەرییەکی تەواویان لەسەر ئاستی مانشافت دانا، لەوانە گۆڵچی ئادلەر تەمەن ٢٤ ساڵ و میزۆت ئۆزێل تەمەن ٢١ ساڵ. کە لە هێڵی ناوەڕاستی ڤێردەر برێمەن یاری دەکات توانی ئاستی خۆی لەم هێڵەدا بسەلمێنێ. یاریزان جیرۆم بۆتینگ تەمەن ٢١ ساڵ یاریزانی هێڵی بەرگری هامبورگ کە لە لایەن ناوبژیوانەوە کارتی سووری وەرگرت.

## رەخنەگرتن لە لۆف

پێش یاری دژی روسیا یاریزانی یانەی بایەرن لیڤەرکۆزن و گۆڵکاری خولی بۆندسلیگا ستیڤان کیسلینگ کە لە کۆی ١١ یاری ٧ گۆڵی تۆمارکردووە، هێرشێکی توندی کردبووە سەر راهێنەر "یواکیم لۆف" لەبەر ئەوەی یاری پێ نەکردووە. ماوەی ٨ مانگیشە قسەی لەگەڵدا نەکردووە، لە لایەکی دیکەوە" یانس لیمان"ی گۆڵچی هەڵبژاردەی پێشووی ئەڵمانیا گلەییەکی زۆری لە "لۆف" کرد کە ئادلەری یاری پێکردووە و بێ ئەوەی تەنیا یەکجاریش تاقیکردنەوەی پێ بکات.

## ١٧ گۆڵ بۆ سێ یاریزان

راهێنەر یواکیم لۆف گرنگییەکی زۆر بە لاوان دەدات و ٦ یاریزانی لاوی بۆ هەڵبژاردەی مانشافت بانگهێشت کرد، کە بە فەرمی لە پێکهاتەی سەرەکی جێگر بوون، دوای وازهێنانی لیمان، یاریزان باڵاك کە توانی چوار گۆڵ تۆمار بکات و ببێتە کاپتن و سەرکردایەتی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بکات. بۆدۆلسکی لە کۆی ٩ یاری توانی ٦ گۆڵ تۆمار بکات و یاریزان کلۆزە ٧ گۆڵی تۆمار کردووە.

## لۆف و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

لۆف لە تەمموزی ٢٠٠٦ بە فەرمی ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی مانشافتی وەرگرت، سەرەڕای ئەوەی باڵاك گلەییەکی زۆری لێدەکرد، کە گوایە لۆف پشت بە یاریزانی لاو دەبەستێ و ئەم جۆرە خولانە پێویستی بە یاریزانی بە ئەزموون هەیە، لۆف لە ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٦ یاریدەدەری راهێنەر کلینزمان بووە و مێژوویەکی باشی هەبووە، لەو کاتەی ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە، لە کۆی ٢٨ یاری ٢٠ سەرکەوتن و ٥ دۆڕاندن و ٣ بەرامبەر بوونی هەیە. ئەمەش ئەنجامێکی باشە. لۆف لە پاڵەوتنی مۆندیال یاری بە ٢٧ یاریزان کردووە، باڵاك دڵێ ئەڵمانیا پشت بە یاری بەهێز دەبەستێ و هزر و بیری لەسەر گۆڵ تۆمارکردنە و بە شێوازی ٤-٢-٣-١ یاری دەکات، بەم شێوەیەش بە توندی رووبەڕووی رکابەرەکانی دەبێتەوە.



**سیروان ئەحمەد قوتابی راهێنەری توانای جەستەیی لە وڵاتی ئەڵمانیا، راهێنەری یانەی ماین لوێس:**

# حەز دەکەم زۆربەی یاریزانەکانی یانەی هەولێر کوردبن



دیمانە: کارزان کانەبی

**سیروان یەکێك لە وەرزشکارەکانی شاری هەولێر، لە ماوەی سالانی رابردوودا توانیویەتی خزمەتێکی باش بە یانەی وەرزشی هەولێر بکات و وەکو یاریزانێکی ئاست بەرز بۆماوەی شەش ساڵ لە یانەی هەولێر یاری بکات. سیروان ماوەی چەند ساڵێکە بەرەو هەندەران چووە و لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە . لەم ماوانەدا لەگەڵ راهێنەری بە ناوبانگی ئەڵمانی "تۆماس رۆی" بەمەبەستی ئەنجامدانی خولێکی راهێنەرانی گۆڵچی بەسەردانێك هاتەوە کوردستان، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیمان لەگەڵیدا سازکرد.**

*** کەی لە وڵاتی ئەڵمانیا دەستت بە کاری وەرزشی کرد؟**

- دوای چوونم بۆ وڵاتی ئەڵمانیا وەکو پیشەکەی خۆم زۆرم حەز لە کاری وەرزشی بوو، بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٢ دەستم بە خولێکی ناوبژیوانی کرد، بڕوانامەی ناوبژیوانیم هێنایەوە، بڕونامەکە لە ئاستی ئەوروپادا کاری پێ دەکرێت.

***چۆن بوو لەگەڵ راهێنەری ئەڵمانی تۆماس رۆی هاتنە کوردستان ؟**

- حەزدەکەم لەسەرەتادا تۆزێك باسی "تۆماس رۆی" بکەم کاتێك لە وڵاتی ئەڵمانیا دەستم بە کاری راهێنەری کرد، لە خولەکە "تۆماس رۆی"م بینی،دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بەشداری خولی خۆئامادەکردنم کرد، لەو خولەش "تۆماس رۆی" وانەی بەمن دەگوتەوە،ساڵی پاریش، لە کۆنگرەیەکی جیهانیدا تۆماس رۆی"م بینی، لەو کۆنگرەیەدا چەندین یاریزانی بە ناوبانگ بەشداریان کردبوو، وەك "کۆپکە و لیمان و زۆر کەسی دیکەش.. لەوێدا باسی هاتن بۆ کوردستانم لەگەڵ هێنایە گۆڕێ و ئەویش بە دڵخۆشییەوە رازی بوو.

*** ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا بە چییەوە خەریکی ؟**

- خەریکی خوێندنم، لە کۆتایی مانگی ٢ی داهاتوو دەست بە خوێندنی بەدەست هێنانی بڕوانامەی توانای جەستەیی دەکەم، بڕوانامەی یەکێتی ئەوروپام لە راهێنەرایەتیدا هەیە، ئێستاش لە یانەی (ماین لوێس)ی ئەڵمانی راهێنەرم، کە یانەیەکی ئاست مام ناوەندییە .

***مەبەستان لە کردنەوەی خولی راهێنەرانی گۆڵچییەکان لە کوردستان چ بوو ؟**

- ئەم خولە یەکەم خولە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەنجام دەدرێت، خولەکە تەنیا لە سێ وڵاتدا هەیە، لە هۆڵەنداو بەرازیل و ئەڵمانیا. بۆیە بە پێویستمزانی کە خولێکی لەم جۆرە بهێنمە کوردستان،لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا تا ئێستا ئەم خولە نەکراوەتەوە، لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش شتی لەم جۆرە نەکراوە، کاتی خۆی کە یاریزان بووم شتی لەم جۆرە نەبوو. گوتم باکارێکی باش بکەم بۆ گۆڵچییەکان سودی هەبێت و خزمەتی گەلەکەمی تێدا بێت .

***هۆکاری چی بوو کاتی خۆی**

**کوردستانت بە جێهێشت ؟**

- هەر مرۆڤێك لە ژیاندا چەند ئامانجێکی هەیە، ئامانجی من ئەوەبوو هەندێك ژیانی خۆم پێشبخەم و باش بوو توانیم ئامانجەکەم بپێکم.

***بە نیاز نیت بەیەکجاری بگەڕێیتەوە کوردستان و خزمەتی یانەکانی کوردستان بکەی؟**

- نەخێر بە نیاز نیم، چونکە لە وڵاتی ئەڵمانیا کاتێکی باش هەیە بۆئەوەی ئاستی خۆم پێشبخەم، لە کوردستاندا ئەم کارە زەحمەتە. لە وڵاتی ئەڵمانیا من بڕوانامەی یەکێتی ئەورووپام هەیە ناتوانم لێرە بەردەوام بم. بەڵام هەردەم ئامادەم خزمەتی وڵاتی خۆم بکەم .

***ئەگەر یانەکانی کوردستان داوات لێبکەن ئامادەی ئەرکی ڕاهێنەرایەتیان بە ئەستۆ بگری ؟**

- ئەگەر داوام لێبکەن ئەوە من ئامادەم بەبێ جیاوازی خزمەتی هەموو یانەکانی کوردستان بکەم.

***بۆچی ئێستا نایەیتەوە ریزی یانەی هەولێر، چونکە خۆت لەم یانەیە یاریزان بووی ؟**

- تاکو ئێستا کەس ئەو پرسەی لەگەڵ من نەهێناوەتە گۆڕێ، منیش سەربەخۆ ناچمە جێگایەك کەوا داوام لێنەکەن، هەرچەندە چەند ساڵێکە خزمەتی ئەو یانەیەم کردووە .

***چی لە بەرنامەت دایە بۆ ڕاهێنەران و یاریزانان و ناوبژیوانان؟**

- قەدەر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەبیر ناکەم، چونکە یارمەتی باشیان دام بۆئەوەی من بێمەوە کوردستان، کار ئاسانی باشیان بۆ کردم. ئەگەر هاوکاریم بکەن، من هەوڵ دەدەم ڕاهێنەران و ناوبژیوانان ببەمە وڵاتی ئەڵمانیا بەشداری خولی جۆراو جۆریان پێ بکەین، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری داوە بمکەنە نوێنەری خۆیان لە وڵاتی ئەڵمانیا، منیش ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنم.

***ئایا بە ڕای تۆ کردنەوەی خولێکی لەم جۆرە بۆماوەی ٤ڕۆژ بۆڕاهێنانی گۆڵچییانی کوردستان ماوەکەی کەم نییە؟**

- بەڵێ زۆر زۆر کەمە، بەڵام باشترە لەوەی کە هیچ نەبێت.

***وەکو ڕاهێنەرێك لە بوارە جیاجیا کاندا تاکو ئێستا چەند بڕوانامەت هەیە ؟**

- بڕوانامەی ناوبژیوانی و بڕوانامەی ماوەی خۆئامادەکردنم هەیە، ئێستاش خەریکی هێنانەوەی بڕوانامەی ڕاهێنەری هێزی جەستەیم (لیاقە بدنی) وابزانم تاکو ئێستا ئەم بڕوانامەیە لە عێراقدا نییە.

*** ئەوخولەی ئێوە بۆ گۆڵچییەکانی کوردستان ئەنجامتان دا لەچ ئاستێکدابوون؟**

- ئەم خولە بۆهەموو ئاستەکان بوو، چونکە "تۆماس ڕۆی" لە چەند وڵاتێك ئەم خولەی کردۆتەوە .

***هاوکاری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەگەڵ ئێوە بە چ شێوەیەك بووە ؟**

- بە ڕاستی زۆر باش بوو، هیچ کۆسپێکیان نەهاوێشتە پێشمان.

*** تا ئێستا هیچ یانەیەکی ئەورووپی داوای لێ نەکردی بۆوەرگرتنی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی ؟**

- نەخێر، من خۆم هەوڵم نەداوە بۆئەم بابەتە، ئەورووپا وەکو وڵاتانی ئاسیا نییە، ئەو بڕوانامەی من هێناومە، دەبێ هەوڵی بۆ بدەم بڕوانامەی باشتر بهێنم بۆئەم بابەتە. دەبێ بڕوانامەی (فسبە)بهێنی ئینجا دەتوانی بچیتە یانەی وڵاتانی تر مەشق بدەیەوە.

***ڕات چییە بەرامبەر یانەی هەولێر کەوا ژمارەیەکی زۆر یاریزانی عەرەبیان هێناوە؟**

- من دژی هیچ نەتەوەیەك نیم، من بۆئەوە کاردەکەم لە داهاتوودا، ئەگەر داوام لێبکەن بناغەیەکی وادروست بکەم کەوا متمانە بە گەنجانی کورد بکرێت. پێویست نەکات ئێمە بێگانە بهێنینە کوردستان، حەز دەکەم زۆربەی یاریزانەکانی یانەی هەولێر کوردبن، ئەگەر یاریزانی نەتەوەکانی دیکەشی تێدابن بەو مەرجەی کە ڕێژەیان زۆر نەبێ، باشە.

*** بۆ داهاتووی خۆت بەرنامەت چییە؟**

- ئێستا خەریکی بەدەست هێنانی بڕوانامەی ڕاهێنەری هێزی جەستەیم، دواتریش لە مانگی ٧ لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە وڵاتی سویسرا داوەت کراوم، لەم کۆنگرەیەشدا دەمهەوێ کار بۆکوردستان بکەم و هیچ کەم تەرخەمیش ناکەم .

## مارادۆنا پێکهاتەی سەرەتایی هەڵبژاردەکەی ئامادە کردووە



دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین یارییەکی دۆستانەی بەرامبەر هەڵبژاردەی ئیکوادۆر ئەنجامدا و توانی یارییەکە بە ئەنجامی ٣-٢ گۆڵ بباتەوە، ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین دیگۆ ئەرماندۆ مارادۆنا لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند کە پێکهاتەی سەرەتایی هەڵبژاردەکەی داناوە بۆ ئەوەی بەشداری لە مۆندیال بکەن، مارادۆنا زیاتر گوتی: ٪٦٠ پێکهاتەی هەڵبژاردەکەم ئامادەیە، تەنیا چەند یاریزانێك ماون سەیری یارییەکانیان دەکەم لەگەڵ یانەکانیان بۆ ئەوەی باشترینەکانیان هەڵبژێرم.

مارادۆنا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: هەریەکە لە میسی و ڤیرۆن و ماسیکرانۆ شوێنیان لە هەڵبژاردەکە پارێزراوە و بە دڵنیایەوە بەشداری جامی جیهانی دەکەن، چەند یاریزانێکی تریش شوێنیان لە هەڵبژاردەکە پارێزراوە، بەڵام ناتوانم ناوی ئەم یاریزانانە ئاشکرا بکەم.

بە پێی سەرچاوە ڕۆژنامەنووسییەکان پێشبینی دەکەن هەریەکە لە سێرجیۆ ڕۆمێرۆی گۆڵچی و ماریان ئەندۆخاری گۆڵچی و گابرێل هاینزە و دیمیکلیس و نیکۆلاس ئۆتامیندی و جۆناس گۆتیرس و ئەنخیل دی ماریا و گۆنزالۆ هیگواین و سێرجیۆ ئەگوێرۆ و کارلۆس تێڤێز ئەوانیش شوێنیان لە پێکهاتەی مارادۆنا پارێزراوە، بەڵام بەهۆی لەخۆبایی نەبوونی یاریزانەکان ئەم ناوانە ئاشکرا ناکات.



# یواکیم لۆف:

# مۆندیالی باشووری ئـ

له ئەڵمانیا کە زۆربەیان ئۆگر و شەیدای تۆپی پێن،ڕاهێنەر "یواکیم لۆف" لە ڕاهێنەرەکانی دیکەی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا جەماوەری زیاترە، لۆف لە ناوچەی باغە ڕەشەکان لە دایکبووە و ٣ی مانگی شوبات ئاهەنگی ٥٠ ساڵەی لە دایکبوونی دەگێڕێ، لۆف بە ئەزموون و بەهێزی کەسایەتی ناوبانگی دەرکردووە و ئێستا ڕاهێنەری هەڵبژاردەیەکە کە سێ جار نازناوی مۆندیالی بە دەستهێناوە، لۆف پێشتر یاریزانی هێرشبەر بووە و بەجوجی ناسراوە و باشترین گۆڵکار بوو لە مێژووی یانەی فرایبۆرگدا، لۆف بەهیوای ئەوەیە لە مۆندیالی داهاتوو ئاستێکی باش نیشان بدات تا لە نازناوەکەی نزیك ببێتەوە، هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە ڕیزبەندی گشتی فیفا بە پلەی شەشەم دێت، ماڵپەڕی فیفا ئەم دیمانەی لەگەڵ ڕاهێنەر یواکیم لۆف ئەنجامدا، ئێمەش لەبەر گرنگی ئەم دیمانەیە بە باشمانزانی لە فایلی وەرزشی گۆڤاری گوڵاندا بڵاوی بکەینەوە.

*** بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ کۆتاییەکانی فیفا،چەند جار سەردانی باشووری ئەفریقات کردووە، بێ گومان سەردانی هەردوو شاری جۆهانزبێرگ و کیپ تاونت کرد، ڕات بەرامبەر بەو شارانە چییە؟**

- کیپ تاون شارێکی زۆر خۆش و دڵگیرە و چەندین شوێنی سەرنج ڕاکێشی



گوڵان
ژمارە (٧٦٧)
٢٠١٠/٢/١



# ـەفریقیا خۆشترین مۆندیال دەبێت

تێدایــە و چوار دەوری بــە چیا گیراوە و کــەش و هەوایەکی پاکــژی هەیە و خەڵکەکانیشــی کــراوەن و ڕێز لە خەڵك دەگرن و ڕۆشــنبیری جیاوازیان هەیە، بەڵام جۆهانســبێرگ تۆزێ جیاوازی هەیە و بە تەئکید باشــووری ئەفریقیا مۆندیالێکی خۆش ساز دەدات.

*** ئــەو پلانانەی کە لە بەرنامەتدا هەن بۆ خۆئامادەکردن و بەشــداری کردن لە مۆندیال چین؟**

- هەر زوو دەســتمان بە خۆئامادەکردن کرد و هەموو بارودۆخەکەمان شیکردەوە و باســمان لە بەرزی و نزمییەکان کرد و باسمان لە هەموو لایەنێك کرد و ئێستاش بە چڕوپــڕی خۆمان ئامــادە دەکەین، چونکــە ناســنامەی ڕکابەرەکانمان بۆ دەرکەوت و شوێنی یاریگاکانی خۆمان زانی کە یاری لەسەردا دەکەین.

*** بگەڕێینەوە ساڵی ٢٠٠٩ ساڵێکی پڕ بەرهــەم بوو بۆ ئێوە و، بە بێ کێشــە و بەرێك و پێکی تەواو بوو وانییە؟**

- راوبۆچوونی منیش لەســەر پارساڵ باش بــوو و لە پاڵاوتنــی یارییەکانی مۆندیــال بێ ئــەوەی هیــچ یارییەك بدۆڕێنین ســەرکەوتوو بووین و توانیمان دووجار لە هەڵبژاردەی روســیا ببەینەوە کە رکابەری بەهێزمان بوو، هەڵبژاردەی روســیا زۆر بەهێز بــوو و بردنەوەمان لە یاریگای خۆیان باشــترین نیشــانەی بەهێزی تیپەکەمان دەردەخات.

*** مانــای ئــەوەی تۆ لــە تیپەکەت رازیت؟**

- هەستمان بەوە کردووە کە دەتوانین زیاتر نیشــان بدەین، ئەمە شتێکی ئاساییە کە هەڵبژاردەیەك یارییەکی ئاســانی هەبێت ئــەوا زۆر گرنگی بــەو یارییە نادات و گەر کاریش بگاتە ئەوەی مەترســیمان هەبێت ئەوە لە تواناماندا هەیە ئاستێکی بەرز نیشــان بدەین. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێمە لە ئامادە باشیداین و خاوەنی تیپێکی بەهێز و بەئەزموونین.

*** لە چ بوارێك هەڵبــژاردەی ئەڵمانیا پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە؟**

- بــە تەئکید لــە بــواری تەکتیك و تەکنیك، کە لەگەڵ کلینزمان دەســتمان پێکرد کارمان لەســەر ئەو خاڵە کردووە، بــەڵام هەندێ گۆڕانکاریمــان تیاکرد، لە مۆندیالی ٢٠٠٦ ئاســتێکی باشمان نیشاندا و لە زۆر لایەن لە تیپەکانی دیکە باشتربووین دواتر گەیشتینە کۆتایی یۆڕۆ ٢٠٠٨ و بە بێ دۆڕاندنیش خۆمان خزاندە مۆندیال، گۆڕانکارییەکیش لە ئاســتی یاریزانــە لاوەکان بــەدی دەکرێ لەوانە لۆکاس بۆدولسکی و لام و شڤانیشتایگر و بیر مرتیســیکر. یاریزانەکانیش ٥٠ تا ٦٠ یاری نێودەوڵەتیان ئەنجامداوە.

*** هەڵبژاردەی ئەڵمانیــا لە مۆندیالی ٢٠٠٦ پلــەی ســێیەمی وەرگرت و لە یــۆڕۆی ٢٠٠٨ بە پلــەی دووەم هات، ئایا لە تواناتان هەیە نازناوی مۆندیالی باشووری ئەفریقیا وەربگرن؟**

- هــەر کاتــێ هەڵبــژاردەی ئەڵمانیا بەشداری پاڵەوانیەتییەك بکات ئامانجی ئەوەیە بگاتــە پلەیەکی پێشــکەوتوو، خۆشتریشــە بگەینە یاری کۆتایی، بە تەئکیــد ٥ تا ٦ هەڵبژاردە هەســت بە بەهێزی خۆی دەکات کە ئەم نازناوە ببنەوە لەوانە هەڵبژاردەکانی بەرازیل و ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئینگلتەرە، هەموو تواناپەکمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەم ئەنجامە.

*** لــە کۆمەڵەی چــوارەم ڕووبەڕووی هەڵبژاردەکانی سڕبیا و گانا و ئوستراڵیا دەبنەوە و ئەمەش کارێکی ئاســان نییە، بۆ ئەمەیان دەڵێی چی؟**

- کۆمەڵەیەکی قوڕسە و زۆریش قوڕسە، ســڕبیا و گانا یاریزانی ئاست بەرزیان هەیە و ئوستراڵیاش هەڵبژاردەیەکی باشە و هەموویــان چاوەڕوانی یاری لەگەڵ ئێمە دەکەن، چاوەڕێی کارێکی زەحمەتین و دەبێ خۆمان زۆر ماندوو بکەین.